کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-5-2007 21:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەزیری تەندروستی بەری ڕۆژ بە بێژەنگ ناگیرێت ... د. بەڵێن محمد امین

وا ساڵێك بەسەر كابینەی پێنجی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا تێپەری، پار ئەم كاتانە بوو هەموو وەزیرەكانی كابینەی پێنج بەبەرچاوی خەڵكی كوردستان و جیهانەوە سوێندی یاساییان خوارد، یەكێك لە ناو ئەو وەزیرانە وەزیری تەندروستی بوو كە سوێندی خوارد. ئەوا ساڵێكی رەبەق تێپەری بەسەر ئەو سوێند خواردنە. وەزیری تەندروستی یادكردنەوەی ساڵەكەی بە رفاندنی پزیشكان دەستی پێكرد، بۆ ئەوەی پزیشكان سەركوت بكات و بە هەموو پزیشكان بڵێت ئەوەی لە یاسای من لابدات ئەوە چارەنوسیەتی (هەرچەندە پێم سەیرە تاوەكو ئێستا پزیشكان هیچ هەڵوێستێكیان نەبووە خۆ دەبوایە هەڵوێستیان هەبوایە نەك لەبەر من بەڵكو لەبەر خۆیان چونكە كار وا بروات ئەو كارەساتە دەتەنێتەوە ورۆژێكدێت هێرش دەكرێتە سەر ئەوانیش) . ئەوەبو كێشەكە كەوتە بارێكی یاساییەوە و ئینجا وەزیری تەندروستی تێیگەیی كە ئەو حوكمە قەرەقوشیەی ئەو گرتیە بەر كارێكی ناراستە، هەربۆیە ئێستا كەوتوەتە هێنانەوەی بیانو، بەڵام ئەوەی كە زۆر پی سەرسام بووم ئەو هەموو قسە ناراستەی كە لە سەر رۆژنامەكاندا بلاو دەكاتەوە كاتێك پرسیاری لێدەكەن.

سەبارەت بە سەفەر نەكردنم، پاش بلاوكردنەوەی بابەتەكەم لە كوردستانپۆست لە 15_3 وەزیر نەیهێشت سەفەر بكەم ووتی یەكسەر پارەكەت بگێرەوە و كە ئەوكاتە من خەریكی خۆئامادەكردن بووم بۆ سەفەر كردن، منیش ووتم بەسەرچاو بەڵام با لێژنەیەكی یاسایی دابنیشێت تاوەكو پارە لە و پەنجا دكتۆرە وەربگرێتەوە كە بۆ شاندو زەمالە وەریانگرتووەكە بە هەموویان نزیكەم یەك ملیون دۆلار دەبێت وە نەچونە نەك بریارەكەت بە تەنها من بگرێتەوە وە بۆ سەلماندنی ئەم راستیەش من داوای ریكۆردی دەنگی دوو مانك پێش ئێستام لە دادوەر كردووە كە لە كۆرەك تیلیكۆمی بكاتن تاوەكو بزانین من بۆ گەندەلی سەفەرم نەكردووە یاخود وەزیر نەیهێشتووە واتە لە سەرەتای شاند كردنەكەم ئەم قسەیەی بە من ووت بە پێچەوانەی وتەكانی ئەو دەیەوێت من لەگەل چەند بارێكی تری گەندەلی تێكەڵم بكاتن.

بەڵام من تێدەگەم كە جەنابی وەزیر كە وا كویی دێشێت ئەویش ئەوەیە كە ئەو هەموو بابەتە گەندەڵیانەی كە لە كوردستانپۆست بلاو بووبونەوە د. كاوە نوسەر نەما یەخەی نەگرێت بۆ ئەو نوسینانە، وادیارە یاسای بەریتانیا وایە كاتێك نوسەرێك گەندەڵیەك كەشف دەكات یەخەی نوسەرەكە دەكیرێت نەك لێكۆڵنەوە لە گەندەڵیەكە. هەروەها لە سایتی كوردستان نیوزدا جەنابی وەزیر باس لەوە دەكات كە گوایا من پارەی شاندم داوە بە سەیارە، هەر لە مێژوودا شتی وا سەیرم نەبیستووە كە وا وەزیرێك قسەی ناراستی وا گەورە بكات چونكە وادەزانێت بەم قسە ناراستانە لەم بارەی تیپكەوتوە رزگای دەبێت، من لێرەوە بە وەزیری تەندروستی دەڵێم با خاوەنی قسەی خۆی بێت بەڵام لە دادگادا ئەم قسەیەی لە بیر نەچێت دەبێت دادوەر لێی بكۆڵێتەوە بزانێت وایە یان نا وە تاوانباریش با باجەكەی خۆی بدات.

لە چەندین رۆژنامە باس لەوە دەكاتن گوایە من هەرەشەم لێكردووە. كاتێك تەلەفۆنم بۆ كرد پاش خۆناساندن تەنها ووتم گوێم لێبگرێت و گوێم بۆ سوك بكات وە هیچی تر قسەم نەكرد بە پێچەوانەوە ئەو هەرەشەمی لێكرد (بە ریكۆردی دەنگی لە لام هەیە)، هەروەها جەنابی وەزیر لە چەندین رۆژنامە باس لەوە دەكات گوایە من بە بریاری دادوەر گیراوم، چەند عەیبە وەزیر لەسەر رۆژنامە قسەی ناراست بكات چونكە من رۆژی پێنج شەممە كاتێك من رفێنرابووم لەلایەن ئاسایشی كۆیە وە رفێنرام من نازانم چ دادوەرێك فەرمانی بە ئاسایشی كۆیە دەركردووە ئەو كارە بكاتن مەگەر ئەو دادوەرە تەنها جەنابی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەزیر بیناسێت ئەگینا مەسەلەکەی من هەر پەیوەندی بە ئاسایشەوە نەبوو، پاش گیرانم لە لایەن ئاسایشەوە ئینجا ئەو سکالای لە دژی من تۆمار کردبوو لە بنکەی پۆلیسی تەیراوە، وە کاتێك ڕۆژی یەکشەممە کە ئازاد کرام ئینجا لێکۆڵینەوەی سکاڵایەکەی وەرگیرابوو لە بنکەی پۆلیسی تەیراوە، وە ئەفسەرانی بنکەکە ڕایانگەیاند کە وا مەسەلەکە هیچ پەیوەندی بە ئاسایشەوە نیە و ئەوان ئاسایشیان ئاگادار نەکردۆتەوە، من هەرگیز نەگیرام بە بڕیاری دادوەر بەڵکو تەنها دادوەر لیکۆڵنەوەی لەگەل کردم و ئازادی کردم لەسەر ئەو سکالایەی کە لەسەرمی تۆمار کردبوو پاشان منیش سکالام لە دژی وەزیرو د. کاوەو د. دارا تۆمار کرد، وە ئەگەر بە بڕیاری دادوەر گیراوم و وەزیر تەواو یاسایی یە ئەی بۆچی لە و سکالایەی من دەترسێت و داوام لێدەکات کە سکالاکەم بکێشمەوە. من زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە هاوخەمی خۆیان بۆ من دەربری بە تایبەتی کاك د. کەمال سەید قادر کە لە هەڵویستێکی مەردانەدا ڕێگەی یاسای پێم نیشانداو وە ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هەموو هاوکاریەکم، بەراستی فەخرە بۆ کورد پیاوی مەردی وەکو د. کەمالی هەیە، جەنابی وەزیر لە سایتی کوردستان نیوز دریژە دەدات بە قسەکانی و دەڵێت گوایا 11دکتۆرن بۆ ئەو مەبەستە من بە جەنابی وەزیر دەڵێم مەسەلەکە با بچوك نەکاتەوە پەنجا دکتۆرین وە بری ئەو پارەیەی کە سەرف کراوە بۆ هەر پەنجا دکتۆرەکە زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلارە وەبە نوسراوی ڕەسمیش ئێستا هەمووی لە وەزارەت هەیە، من بری ئەو پارەیەی کە پێم درا بۆ شاندەکە تەنها چل گەڵایە هەروەك لە بابەتەکەی 15_3_2007 ئاماژەم پێیداوە نەك پەنجاوچوار گەڵا کە وەزیری تەندروستی بۆ چەواشە وا دەڵێت من لێرەوە داوا لە رۆژنامەنوسان دەکەم کە سەردانی بانقی کۆیە بکەن کە ناوەکەم هەیە لەوی بزانن من ڕاستگۆم یان وەزیر. وە سەبارەت بەوەی کە دەڵێت لیژنەمان پێکهێناوە بۆ دکتۆرەکان، من کە ئازاد کرام پەیوەندیم بە هەموو ئەو دکتۆرانەوە کرد کە بانگکرابوون بۆ وەزارەت کە بە ڕیکۆردی دەنگی لەلام هەیە (بۆ دادگاش ئامادەم کردووە) کە دەڵێن تا تۆ نەگیرایت کەس پرسیاری لە ئێمە نەکردووە، لە درێژەی قسەکانیدا وەزیری تەندروستی دەڵێت باشە د. کەمال چ هەقێ بەو مەسەلەیەوە هەیە ئەگەر بەرگری لەو گەندەڵیە دەکات پارەی حکومەت بخورێت و هەڕەشە لە وەزیرێك دەکات قەیناکا، من لێرەوە وەلامی وەزیر دەدەمەوە و دەڵێم د. کەمال خەمی میللەتەکەی خۆیەتی خۆ وەکو تۆ نیە زگی بە میللەت نەسوتێت، وە بۆ لە مەوقیفە مەردانەکەی د. کەمال دەترسێت خۆ د. کەمال باسی یاسای کردووە هیچی تری نەوتووە ئەی وەزیر ناڵێت من یاسایی ڕۆیشتووم ئیتر بۆچی لە یاسا دەترسێت، هەر بەراستی خەمی گەندەلی پارەی حکومەتتە، ئەی بۆ خەمی 321000سێسەدو بیست و یەك هەزار دۆلارەت نەبوو بە بە نوێژی نیوەرۆ لێتان کەشف بوو لە هەفتەنامەی هاوڵاتی خۆ جەنابت ئەو کەسەکەشت نەقل کردبوو ئەوەی دزیەکەی گرتبوو، ئینجا بۆچی گلەیی لەو کەسانە بکەین کە لە سجنی مەحەتە لە سەر دزی گیراون خۆ بە هەموویان سی ودوو دەفتەر دۆلاریان نەدزیوە وا چەند سال حوکم دراون، یان لەوانەیە یاسای بەریتانیا وابێت کەسێك دزی بگرێت دەبێت نەقل بکرێت، ئەگەر ئەم ماستە مویەکی تیادا نەبێت بە دڵنیاییەوە گوریسی تیادایە من لە کۆتاییدا بە جەنابی وەزیر دەڵێم ئەم وتارانەی کە ئەو دەیڵێت لە میدیاکانەوە هەمووی لەلای خۆم هەلمگرتوون بۆ ڕۆژی دادگا بەلام گرنگترین شت ئەوەیە کە پیاو ساحێبی قسەی خۆی بێت ... ... ... ... ... ... ... ...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.